# حوكم و ئادابەكانی قوربانی

گوڵبژێرێک لە فەتوای هەردوو زانای پایەبەرز

شێخ عبدالعزیز بن عبداللّٰه بن باز -رحمه اللّٰه -

شیخ محمد بن صالح العثیمین - رحمه اللّٰه -

**وەڵامی (٨١) پرسیار بە كورتی**

==========================================================

وەڵامەكان

پرسیار و وەڵامی شەرعی

**لەبڵاوكراوەكانی**

**ماڵپەڕی بەهەشت و وەڵامەكان**

**www.ba8.org**

**www.walamakan.com**

هەمیشە لەگەڵمان بن بۆ بەرهەمی نوێ

### * پێشەکی :

إِنَّ الْحَمْدَ للهِ نَحْمَدُهُ وَنَسْتَعِيْنُهُ وَنَسْتَغْفِرُهُ وَنَعُوْذُ بِاللهِ مِن شُرُوْرِ أَنْفُسِنَا وَمِنْ سَيِّئَاتِ أَعْمَالِنَا مَنْ يَهْدِهِ اللهُ فَلا مُضِلَّ لَهُ وَمَنْ يُضْلِلْ فَلا هَادِيَ لَهُ .

وَأَشْهَدُ أَنْ لا إِلَهَ إِلاَّ اللهُ وَحْدَهُ لا شَرِيْكَ لَهُ ، وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدَاً عَبْدُهُ وَرَسُوْلُهُ .

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِۦ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسۡلِمُونَ ١٠٢﴾ [آل عمران].

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمُ ٱلَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفۡسٖ وَٰحِدَةٖ وَخَلَقَ مِنۡهَا زَوۡجَهَا وَبَثَّ مِنۡهُمَا رِجَالٗا كَثِيرٗا وَنِسَآءٗۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِي تَسَآءَلُونَ بِهِۦ وَٱلۡأَرۡحَامَۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَيۡكُمۡ رَقِيبٗا ١﴾ [النساء] .

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَقُولُواْ قَوۡلٗا سَدِيدٗا ٧٠ يُصۡلِحۡ لَكُمۡ أَعۡمَٰلَكُمۡ وَيَغۡفِرۡ لَكُمۡ ذُنُوبَكُمۡۗ وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدۡ فَازَ فَوۡزًا عَظِيمًا ٧١﴾ [الأحزاب] .

أَمَّا بَعْدُ :

فَإِنَّ أَصْدَقَ الحَدِيْثِ كِتَابُ اللهِ وَخَيْرَ الهَدْيِ هَدْيُ مُحَمَّدٍ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وَسَلَّمَ) وَشَرَّ الأُمُوْرِ مُحْدَثَاتُهَا وَكُلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَةٌ وَكُلَّ بِدْعَةٍ ضَلالَةٌ وَكُلَّ ضَلالَةٍ فِي النَّارِ .

١- حوکمی قوربانی چی یە بۆکەسێک لەتوانایدا هەبێت قوربانی بکات ؟

شێخ ابن باز دەڵێت :

سوننەتێکی موئەکەدەیە وهەریەک لەپیاو وئافرەت دەتوانن قوربانی بکەن بۆ خۆیان وماڵ ومنداڵیان . مجموع الفتاوى (١٨-٣٨)

شێخ ابن عثیمین دەڵێت :

قوربانی سوننەتێکی موئەکەدەیە بۆ کەسێک لەتوانایدا هەبێت ، مرۆڤ قوربانی بۆ خۆی ماڵ ومندالّی دەکات .

مجموع الفتاوى (٢٥-١٠)

بەڵام بۆچونی تەواو ئەوەیە کە : هەرکەسێک دەستی بڕوات و توانای هەبێ واجبە لەسەری .

هاوبەشی کردن لەقوربانیدا :

٢- ئایا مەڕێک دەکرێت بکرێت بەقوربانی بۆ سەرۆک خێزانێک ومنداڵەکانی ؟

بەڵێ مەڕێک دەکرێت بکرێت بەقوربانی بۆ سەرۆک خێزانێک ومنداڵەکانی ؛ چونکە پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم هەموو ساڵێک دوو بەرانی دەکرد بەقوربانی ، دانەیەکیان بۆ خۆی وماڵ ومنداڵی ، ئەوی تریان بۆ لەئومەتەکەی ئەوانەی کەخودایان بەتاک وتەنهایی پەرستووە .

مجموع الفتاوى (١٨-٣٨)

فضیلة الشیخ عبدالعزیز بن باز - رحمه الله -

٣- ئایا دەکرێت کەسێک کەقوربانی دەکات کەسێکی تر بکات بەشەریک لەخێری قوربانیەکەیدا ؟

ابن باز دەڵێت :

بۆی هەیە کەسانی تر بکات بەشەریک لەخێری قوربانیەکەیدا جا زیندو بن یاخود مردوو .

مجموع الفتاوى (١٨-٣٧)

برا ومندالٚ کەلەماڵدا هەن ئایا یەک قوربانی بەسە بۆ هەموویان ؟

٤- ئایا ئەو قوربانیەیی کەباوکم دەیکات بۆ من وخێزانم ومنداڵەکانیشم دەڕوات ؟

ابن باز دەڵێت :

گەر تۆ لەماڵێکی سەر بەخۆدای ئەوا دەتوانی قوربانیەکی سەر بەخۆ بۆ خۆت بکەیت بۆ خۆت ومنداڵەکان ، وە ئەو قوربانیەیی کەباوکت دەیکات خێزانەکەی تۆ ناگرێتەوە چونکە تۆ لەگەڵیان نیت لەماڵدا .

مجموع الفتاوی (١٨-٣٧)

٥- ئایا دروستە یەک قوربانی بکرێت بۆ دوو برایی دایک وباوکی ومنداڵەکانیان کەلەیەک ماڵدان وخواردن وخواردنوەیان یەکە ؟

ابن عثیمین دەڵێت :

دروستە کەسانێک کەلەیەک ماڵدان هەر چەند دوو عائیلە بن یەک حەیوان بکەنە قوربانی لەبری هەردوو لایان .

مجموع الفتاوی (٢٥-٣٧)

فضیلة الشیخ : محمد بن صالح بن عثیمین -رحمە اللە -

٦-باوکێک لەگەڵ سێ کوڕیدا کەژنیان هێناوە لەیەک ماڵدا دەژی وهەریەکەیان ماڵی تایبەتی خۆی هەیە ئایا یەک قوربانی بەسە بۆ هەموویان ؟

ابن عثیمین دەڵێت :

پێم وایە هەریەکان قوربانیەکیان لەسەرە چونکە هەریەکەیان ماڵی سەر بەخۆی خۆی هەیە.

مجموع الفتاوی (٢٥-٣٨)

٧- کەسێک لەگەڵ باوکیدا دەژی وژنی هێناوە وماڵی هەیە ئایا لەگەڵ باوکیدا یەک قوربانی کافیە بۆ هەردووکیان ؟

ابن عثیمین دەڵێت :

أ-سوننەت وایە پیاو قوربانی بۆ خۆی ماڵ ومنداڵی دەکات جا منداڵ بن یاخود گەورە .

ب- بەڵام گەر مرۆڤ جودا بێت لەباوکی ، ماڵی خۆی هەبێت ، ئەوا هەریەکەیان پێویستە قوربانیەک بکەن .

مجموع الفتاوی (٢٥-٣٨)

٨- گەر باوک چەن منالێکی هەبێت وهەندێکیان ژنیان هێنابێ ئایا قوربانیەکەی باوکیان بۆ منداڵەکانیش دەبێت لەکاتێکدا هەندێکیان ژنیان هێناوە ؟

ابن عثیمین دەڵێت :

أ- گەر یەک خێزان بن ولەیەک ماڵدا بن ئەوا یەک قوربانی بەسیانە .

ب-بەڵام گەر منداڵەکان هەریەکەیان ماڵی سەربەخۆی خۆی هەبێت ئەوا پێویستە هەریەکەیان قوربانی بۆ خۆی بکات وئەوەی باوکی بۆ ئەوان نابێت .

مجموع الفتاوی (٢٥-٤١)

٩- سێ برا لەماڵێکدان وموچەیان هەیە وهەموویان ژنیان هێناوە جا ئایا یەک قوربانی کافیە بۆ هەموویان یاخود پێویستە هەریەکەو قوربانیەک بکەن ؟

ابن عثیمین دەڵێت :

أ- گەر خواردنیان یەک بێت ئەوا یەک حەیوان بەسیانە ، کەسی سەر گەورەی ماڵ قوربانیەک دەکات لەبری هەموویان .

ب-بەڵام گەر هەریەکەیان خواردنی سەر بەخۆی هەبوو ومەتبەخی سەربەخۆی هەبوو لەم حاڵەتەدا هەریەکەیان پێویستە قوربانیەکی سەربەخۆ بۆ خۆیان بکەن .

مجموع الفتاوی (٢٥-٤٢)

١٠- پیاوێک دوو ژنی هەیە دانەیەکیان لای خۆیەتی ئەوی تریان لای ماڵ باوکیەتی ئایا پێویستە لەسەری یەک قوربانی بکات یاخود دوان ؟

ابن عثیمین دەڵێت :

یەک قوربانی بەسە چونکە خێزانەکەی کەلەلای ماڵ باوکیەتی هەر خێزانی ئەمە با لای ماڵ باوکیشی بێت .

مجموع الفتاوی (٢٥-٤٣)

١١- ئایا دروستە قوربانی بکەیت بەقەرز تا کاتی هاتنی موچە ؟

شێخ ابن باز رحمە اللە دەڵێت:

دروسە موسوڵمان قەرز بکات بۆ ئەوەی قوربانی بکات بەمەرجێ توانای دانەوەی هەبێت .

مجموع الفتاوی (١٨-٣٨).

وەهەروەها شێخ ابن عثیمین دەڵێت:

أ- هەژارێک کەلەکاتی قوربانی کردندا پارەی نی یە بەڵام موچەی هەیە یاخود ئومێدی هەیە شتێک بێتە دەسیەوە ئەوا دەتوانێت قەرز بکات ودواتر بیداتەوە .

ب-بەڵام گەر دەیزانی بەم زوانە ناتوانێ بیداتەوە ئەوا پێمان باش نی یە قەرز بکات چونکە ئەو قوربانیە توشی قەرزاری دەکات .

مجموع الفتاوی (٢٥-١١٠)

١٢- چ کاتێک کاتی قوربانی کردنە ؟

ابن باز دەڵێت :

یەکەم ڕۆژی جەژنی قوربان تا دەگاتە کۆتا ڕۆژەکەی (ئاو بوونی خۆری چوارەم ڕۆژی جەژن)

مجموع الفتاوی (١٨-٣٨)

ابن عثیمین دەڵێت:

لەکاتی تەواو بوونی نوێژی جەژنەوە تاوەکو ئاو بوونی خۆری چوارەم ڕۆژی جەژن .

مجموع الفتاوی (٢٥-١٢)

## ١٣- ئەگەر پێش جەژن قوربانی بکرێت حوکمی چیە؟

ابن عثيمين دەڵێت :

أ- گەر پێش نوێژی جەژن قوربانی کرد ئەوا بەقوربانی ئەژمار ناکرێت وپێویستە لەبری ئەوە حەیوانێکی تر بکاتە قوبانی .

ب- وەگەر دوای ئاوا بوونی خۆری چوارەم ڕۆژی جەژن قوربانی کرد ئەوا بەقوربانی ئەژمار ناکرێت مەگەر عوزری هەبێت.

مجموع الفتاوى (٢٥-١٢)

## ١٤- ئەو مەرجانەی کەپێویستە لەقوربانیدا هەبن :

## ئەو مەرجانە چین کەپێویستە لەقوربانیدا هەبن؟

ابن عثيمين دەڵێت :

أ- پێویست لەو حەیوانانە بێت کەدەکرێن بەقوربانی کەئەویش : وشتر ومانگا ومەڕ وبزنە .

ب- بگات بەو تەمەنەی کەدیاری کراوە لەشەرع دا بەم شێوەیەیی لای خوارەوە :

مەڕ : پێویستە شەش مانگی تەواو کردبێت.

وە بزن پێویستە ساڵێکی تەواو کردبێت .

مانگا : دوو ساڵی تەواو کربێت .

وە وشتر پێنج ساڵی تەواو کردبێت .

ج- پێویستە ساغ بێت وبێ عەیب بێت ، واتە :

کوێرێک نەبێت بەشێوەیەک کوێریەکەی پێوە دیار بێت .

وە نەخۆش نەبێت بەشێوەیەک نەخۆشیەکەی پێوە دیار بێت .

وە شەل نەبێت بەشێوەیەک شەلیەکەی پێوە دیار بێت .

وە زۆر لاواز نەبێت کەمۆخی تێدا نەمابێت لەبەر لاوازی .

مجموع الفتاوى (٢٥-١٢)

### ١٥- حوکمی قوربانی کردن بەحەیوانێک کە گوێی بڕابێت یاخود شاخی شکابێت چی یە ؟

ابن عثیمین دەڵێت :

دروستە ودەبێت بکرێت بەقوربانی بەڵام مەکرٍوهە ؛ چونکە نەقسی هەیە وکامڵ نی یە .

مجموع الفتاوی (٢٥-٤٠)

### ١٦- ئایا دروستە حەیوانی خەسێنراو بکرێت بەقوربانی ؟

ابن عثیمین دەڵێت :

بەڵێ دروستە حەیوانی خەسێنراو بکرێت بەقوربانی تەنانەت هەندێ لەزانایان لەحەیوانی تر پێیان باشتر بووە چونکە گۆشتەکەی خۆشتر دەبێت.

مجموع الفتاوی (٢٥-٥٠)

### ١٧- ئایا دروستە حەیوانێک بکرێت بەقوربانی کەگوێی داخ کرابێت؟

ابن عثیمین دەڵێت :

بۆ چوونی ڕاست ئەوەیە زیانی نی یە ، جا گوێ بڕاو وشاخ شکاو وکلک بڕاو هەمویان دەشێن بۆ قوربانی بەڵام باشتر وایە نەکرێن بەقوربانی چونکە نەقسیان هەیە وکامڵ نین .

مجموع الفتاوی (٢٥-٥٤)

### ١٨- چۆن گۆشتی قوربانی دابەش بکەین؟

ابن باز دەڵێت :

سوننەتە ئەو کەسەی کەقوربانی دەکات :

أ- لێی بخوات

ب- وەک هدیە بەشی خزمەکانی ودراوسێکانی لێ بدات .

ج- وە هەندێکی بکات بەخێر .

مجموع الفتاوی (١٨-٣٨)

### ١٩- چۆن گۆشتی قوربانی دابەش بکرێت باشە ؟

ابن عثیمین دەڵێت :

١-مرۆڤ لێی دەخوات .

٢- هەندێکی وەک خێر دەدات بەهەژاران .

٣- هەندێکی وەک هەدیە دەدات بەکەسانی دەوڵەمەند وەک ڕاگرتنی دڵیان وزیاتر خۆشەویستی لەنێوانیاندا .

مجموع الفتاوی (٢٥-١٤)

### ٢٠- حیکمەت لەدابەش کردنی گۆشتی قوربانی بۆ سێ بەش چی یە ؟

ابن عثیمین دەڵێت :

بۆ ئەوەی سێ مەبەستی شەرعی وەدەست بێت لەقوربانی کردندا :

یەکەم : چێژ وەرگرتن لەنیعمەتی خودا ئەوەش بەخواردن لێی .

دووەم : ئومێد بوون بەپاداشتی خودا ئەوەش بەخشینی بەهەژاران .

چوارەم : خۆشەویستی لەنێو بەندەکانی خودادا ئەوەش بەبەخشینی بەهەدیە بەخزم وبرادەران .

مجموع الفتاوی (٢٥-١٤).

### ٢١- کامیان باشترن ئەو حەیوانەی گەورەیە وگوشت وچەوری زۆرە یاخود ئەوەی نرخەکەی زۆرە ؟

ابن عثیمین دەڵێت :

أ- گەر تەماشای سودەکەی بکەین ئەوا بێگومان ئەوەیان باشترە کەگۆشتی زۆر ترە .

ب- وەئەگەر تەماشای ڕاستی پەرستن بۆ خودا بکەین ئەو دەڵێین ئەوەیان باشترە کەنرخی گرانترە .

ج- بەڵام تۆ خۆت تەماشاکە بزان کامت پێ باشترە ئەوە بکە گەر بینیت بەکامەیان ئیمانت زیاد دەکات ودڵت مورتاح دەبێت ئەوەیان ئەنجام بدە .

مجموع الفتاوى (٢٥-٣٥)

## ٢٢- ئایا کردنە هەدیێ گۆشتی قوربانی بەکاڵی دەبێت یاخود لێنراوی و برژاوی ؟

ابن عثیمین دەڵێت :

کردنە هەدیە وخێر بەکاڵی دەبێت .

مجموع الفتاوى (٢٥-١٣٢)

## ٢٣- ئایا دروستە گۆشتی قوربانی کۆ بکرێتەوە ودواتر دابەش بکرێت هەرچەند دوا کەوێت لەڕۆژی جەژن ؟

ابن عثیمین دەڵێت :

دروستە دابەش کردنی گۆشتی قوربانی و کاتێک دیاری کراوی نی یە .

مجموع الفتاوى (٢٥-١٣٧)

## قوربانی کردن لەبری مردوو :

## ٢٤-حوکمی قوربانی کردن لەبری مردوو چی یە ؟

ابن عثیمین دەڵێت :

أ- قوربانی کردن بۆ کەسی زیندووە ، پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم چەند کەسێکی نزیکی مردن وقوربانی بۆ نەکردن .

ب- گەر مردوو وەسیەتی کردبێت قوربانی بۆ بکرێت ئەوا وەسیەتەکەی جێ بەجێ دەکرێت وقوربانی بۆ دەکرێت .

ج-ئینسان قوربانی بۆ خۆی ماڵ ومنداڵی وکەس وکاری بکات ونیەتی مردووەکانیشی لێ بێنێت

د- بەتەنها قوربانی بۆ مردوو بکرێت ئەمەیان لەسوننەتدا نەهاتووە وسوننەت نی یە .

مجموع الفتاوى (٢٥-١١)

## ٢٥- ئایا سەر زەنشتی ئەو کەسانە بکەین کەقوربانی بۆ مردوو دەکەن ؟

ابن عثیمین دەڵێت :

گەر کەسێک بیکات ئەوا ئێمە سەرزەنشتی ناکەین بەڵکو ڕێگای باشتری پێ پیشان دەدەین ، کەئەویش دوعا کردنە بۆ مردوو .

مجموع الفتاوی (٢٥-١٢٢)

## ٢٦- حوکمی کردنە خێری پارەی قوربانی ؟

ابن باز دەڵێت :

أ- گەر قوربانیەکە دیاری کرابێت جا بەوەقف بێت یاخود وەسیەت ئەوا دروست نی یە بۆ کەسی وەکیل لێی لابدات ولەبری قوربانی کردن پارەکەی بکات بەخێر .

ب-گەر قوربانی سوننەت بێت وبۆ غەیری خۆی بکات ئەوا بەر فراوانە ودەتوانێت .

ج- حەتمەن حەیوان کردنە قوربانی لەکردنە خێری پارەکەی باشترە .

مجموع الفتاوی (١٨-٤١)

## ٢٧- لەماڵی خۆم قوربانی بۆ خۆم وماڵ ومنداڵ وخێزانم دەکەم ، جا ئایا دروستە خێزانم باوک ودایکی کەمردوون شەریک بکاتەوە ؟

ابن باز دەڵێت :

أ- تۆ بۆت هەیە دایک وباوکت بکەیتە شەریک لەقوربانیەکەتدا .

ب- بەڵام خێزانت نەخێر چونکە ئەو بۆی نی یە تەسەروف لەقوربانی تۆدا بکات .

مجموع الفتاوی (١٨-٤٣)

## ٢٨- کامیان باشن بکرێنە قوربانی ، مەڕ یاخود مانگا ؟

ابن باز دەڵێت :

أ- مەڕ باشترە بکرێت بەقوربانی .

ب-خۆ ئەگەر مانگا یاخود وشتر بکرێت بەقوربانی ئەوا هیچی تێدا نی یە ودروستە .

مجموع الفتاوی (١٨-٤٣)

ابن عثیمین دەڵێت :

أ- گەر بەتەمای حەیوانەکە بۆ خۆی بکات بەقوربانی ئەوا وشتر باشترە ، پاشان مانگا پاشان مەڕ پاشان بزن .

ب-بەڵام گەر بەحەوت کەس وشتر یاخود مانگایەک بکەنە قوربانی ئەوا مەڕ باشترە پاشان بزن

مجموع الفتاوی (٢٥-٣٤)

## هاوبەش وشەریکی لەقوربانیدا :

## ٢٩- ئایا دروستە حەوت کەس ببنە شەریک لەمانگا یاخود وشترێکدا وهەریەکەیان بۆ خۆی ماڵ ومنداڵی بێت ؟

ابن باز دەڵێت :

أ- لەسوننەتیی صەحیح دا لەپێغەمبەرەوە صلی الله علیه وسلم هاتووە کەحەیوانێک جا وشتر بێت یاخود مانگا یاخود مەڕ وبزن بۆ پیاوێک وکەس وکاری دەبێت هەرچەن زۆر بن .

ب-بەڵام شەریک بوونی حەوت کەس لەمانگا وشتردا خیلافی تێدایە ، وە بۆچوونی ڕاست ئەوەیە دروستە پیاو مەبەستی خۆی ماڵ ومنداڵی بێت چونکە مەبەست لەیەک کەس خۆی ماڵ ومنداڵیەتی .

مجموع الفتاوی (١٨-٤٤).

٣٠- ئایا دروستە پێنج کەس ببنە شەریک لەیەک قوربانیدا ؟

ابن عثیمین دەڵێت :

أ- دروست نییە لەمەڕ وبزندا دوو کەس یاخود زیاتر ببنە شەریک .

ب- بەڵام بوون بەشەریک لەمانگا و وشتردا دروستە ودەتوانرێت حەوت کەس ببنە شەریک لەیەک قوربانیدا .

مجموع الفتاوی (٢٥-٢١)

٣١- ئایا دروستە سێ دراوسێ ببنە شەریک لەتەنها مەڕێکی قوربانیدا ؟

ابن عثیمین دەڵێت :

نەخێر نابێت ؛ چونکە یەکێک لەمەرجەکانی قوربانی ئەوەیە بەپێی شەرع بێت ، وەلەشەرع دا نەهاتووە دوو کەس یاخود زیاتر ببنە شەریک لەتەنها مەڕێکدا .

مجموع الفتاوی (٢٥-٤٤)

٣٢- ئایا دەتوانرێت پیاو خێزانەکەی شەریک بکاتەوە لەحەیوانێکدا لەقوربانیدا بەشێوەیەک هەریەکەیان نیوەی پارەکەی بدات ؟

ابن عثیمین دەڵێت:

أ- گەر ژن ومێرد لەپارەی مەڕێکدا ببنە شەریک نابێت ؛ چونکە نابێت دوو کەس لەیەک مەڕدا ببنە هاوبەش .

ب-بەڵکو شەریکایەتی لەمانگا و وشتردایە کەبۆ حەوت کەس دەبێت .

مجموع الفتاوی (٢٥-٤٦)

٣٣- لەکاتی کڕینی مانگا یاخود وشتردا ئایا مەرجە پێشتر شەریکەکان ڕێک کەوتبێتن ؟

ابن عثیمین دەڵێت :

أ- گەر وشتر یاخود مانگای کڕی بەنیەتی ئەوەی بەحەوت کەس بیکەنە قوربانی لەم حاڵەتە دروستە دواتر کەسانی تر شەریک بکەنەوە تا حەوتەکە تەواو دەبێ .

ب- بەڵام گەر کڕی ونیەتی وا بوو بەتەنها بۆ خۆی بکات ودیاری کرد ئەوا دواتر بۆی نییە کەسانی تر شەریک کاتەوە .

مجموع الفتاوى (٢٥-٩٨)

٣٤- ئایا بۆ کەسێک کەدەستی دەڕوا وپارەی هەیە دەتوانێ زیاد لەحەیوانێک بکاتە قوربانی ؟

ابن عثیمین دەڵێت :

باشتر وایە بۆ پیاو وخێزانکەی یەک مەڕ بکەنە قوربانی ، وەهەرکەسێک پارەی زیاتری هەیە با پارەکەی بکاتە حێر ، ویاخود با بیداتە خواردن وبیدات بەهەژارەکان گەر هەبوو گەرنا بیداتە هەژارەکانی وڵاتانی تر کەپێویستیانە .

مجموع الفتاوى(٢٥-٤٦)

بڕین ولێکردنەوەی توکی سەرو نینۆک وپێست بۆ کەسێک کەقوربانی بکات .

٣٥- ئایا مەرجە ئەو کەسەی کەقوربانی دەکات نینۆکی نەکات وتوک لەخۆی نەکاتەوە ؟

ابن باز دەڵێت :

دروست نی یە دوای داخل بوونی مانگی (ذي الحجة) بۆ کەسێک قوربانی بکات شتێک لەتوکی سەری ونینۆکی وپێستی لێ بکاتەوە .

مجموع الفتاوى (١٨-٣٨).

٣٦- ئایا ئەو ڕێگریەیی کەلەبارەی لێ نەکردنەوەی نینۆک وتوکەوە هاتووە بۆ حەڕامیە ؟

ابن عثیمین دەڵێت :

ئەسڵ وایە ڕێگری پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم بۆ حەڕامیەتیە ، تاوەکو بەڵگەیەکی تر دێت ولای دەدات بۆ کەڕاهەت یاخود غەیری کەڕاهەت ، جا حەڕامە بۆ ئەو کەسەی کەدەیەوێ قوربانی بکات توک یاخود نینۆک یاخود پێستی لاشەی خۆی بکاتەوە تاوەکو قوربانیەکەی دەکات .

مجموع الفتاوی (٢٥-١٣٩)

٣٧- لەفەرموودەیەکدا هاتووە کە ئیمامی موسلیم ڕیوایەتی کردووە : (فلا یمس من شعره ولا بشره شیئا)؟

واتە : بادەستکاری توکی وپێستی نەکات .

ابن عثیمین دەڵێت :

مەبەست لەپێست ، ئەوەیە کەهەندێ کەس بەشێک لەپیستی پاژنە پێی لێ دەکاتەوە .

مجموع الفتاوی (٢٥-١٣٩)

٣٨- حیکمەت چی یە لەوەی ڕێگری کراوە لە لێ کردنەوەی نینۆک وتوک وپێست ؟

ابن عثیمین دەڵێت :

أ- یەکێک لەنیعمەتەکانی خوا بەسەر بەندەکانیەوە ؛ کاتێ کەهەندێ کەس حەجیان لەدەس دەچێت وتوانای حەجیان نی یە بەواز هێنان لەخۆشی ، وەبۆیە ئەمەی داناوە بۆ ئەوەی هاوبەشی حاجیەکان بن لەهەندێ ڕێو ڕەسمدا .

ب- کەسی قوربانی کار کاتێ لەهەندێ شتدا هاوبەشی حاجیە کەئەویش نزیک بوونەوەیە لەخودا بەسەربڕینی قوربانی ، هاوبەشیەتی لەهەندێ تایبەت مەندیەکانی ئیحراڕم دا ئەویش بەنەکردنی توک ونینۆک .

مجموع الفتاوی (٢٥-١٣٩)

٣٩- ئایا حوکمی حەرامیەتی لێ کردنەوەی توک ونینۆک هەموو ئەندامەکانی خێزان دەگرێتەوە کەقوربانیان بۆ دەکرێت ؟

ابن عثیمین دەڵێت :

نا ئەو حوکمە تایبەتە بەوەی قوربانیەکە دەکات وئەندامەکانی تری خێزان ناگرێتەوە ؛ چونکە لەپێغەمبەرەوە صلى الله علیه وسلم نەگێڕدراوەتەوە کەفەرمانی بەوە کردبێت .

مجموع الفتاوی (٢٥-١٤٠)

٤٠- ئایا ئەو کەسەی کەمردوویەک وەسیەتی بۆ کردووە قوربانی بکات پێویستە لەسەری دەسکاری توک ونینۆکی نەکات ؟

ابن عثیمین دەڵێت :

نا ئەو لەحەقیقەتدا قوربانی کار نی یە ، بەڵکو لەبری غەیری خۆی دەیکات ، بۆیە حوکمەکە بەند نی یە بەوەوە .

مجموع الفتاوی (٢٥-١٤٠)

٤١- حوکمی ئەو کەسە چی یە کەبەئەنقەست لەدە ڕۆژی مانگی ( ذي الحجة)دا، توک ونینۆک لەخۆی دەکاتەوە ئایا قوربانیەکەی دروستە ؟

ابن عثیمین دەڵێت :

گەر ئەو کارە بەئەنقەست بکات ئەوا بێفەرمانی پێغەمبەری خودای صلى الله علیه وسلم کردووە ، بەڵام قوربانیەکەی دروستە .

مجموع الفتاوی (٢٥-١٤٦)

٤٢- وەئایا ئەو کەسەی کەڕیشی دەتاشێت قوربانیەکەی دروستە ؟

ابن عثیمین دەڵێت :

هێشتنەوەی ڕیش سوننەت و ڕێبازی پێغەمبەرە وتاشینی عادەتی هاوبەش بڕیار دەرانە ، قوربانی بکە هەر چەند بێفەرمانی خودات کردووە بەتاشینی ڕیش ؛ چونکە قوربانی شتێکە وتاشینی ڕیش شتێکی ترە .

مجموع الفتاوی (٢٥-١٤٩)

٤٣-هەرکەسێک نیەتی قوربانی نەهێنێت تەنها دوای هاتنی دەی مانگی(ذي الحجة) نەبێت ئایا قوربانیەکەی دروستە ؟

ابن عثیمین دەڵێت :

هیچی لەسەر نی یە وتاوان بار نابێت بەوەی توک ونینۆکی لێ کردۆتەوە چونکە پێش ئەوەی نیەت بێنێت توک ونینۆکی لێ کردۆتەوە .

مجموع الفتاوی (٢٥-١٥٠)

٤٤- تاوەکو کەی نابێ توک ونینۆک لێ بکرێتەوە ؟

ابن عثیمین دەڵێت :

تاوەکو ئە کاتەی کەقوربانیەکەی دەکات ، هەرکە قوربانیەکەی کرد ڕێگریەکە کۆتایی دێت .

مجموع الفتاوی (٢٥-١٥٢)

٤٥- ئایا ئەو کەسەی کراوەتە وەکیل پێویستە وەک خاوەن حەیوانەکە توک ونێنۆک لەخۆی نەکاتەوە ؟

ابن عثیمین دەڵێت :

ئەحکامەکانی قوربانی تایبەتە بەخاوەن قوربانیەوە ، و وەکیل ناگرێتەوە وپێویست نی یە لەسەری واز لەنینۆک وپێست وتوکی لاشەی بێنێت .

مجموع الفتاوی (٢٥-١٥٥)

ابن باز دەڵێت :

پێویست نی یە لەسەر وەکیل واز لەنینۆک وپێست وتوکی لاشەر بێنێت ، چونکە ئەو قوربانی ناکات ، بەڵکو ئەو شتانە لەسەر خاوەن قوربانیەکەیە .

مجموع الفتاوی (١٨-٣٩)

## ٤٦- هەندێ کەسی عەوام پێیان وایە هەرکەسێک توک یاخود نینۆک وپێستی لاشەی خۆی بکاتەوە قوربانیەکەی دروست نی یە ؟

ابن عثیمین دەڵێت:

أ- ئەوە هەڵەیەکی ڕوونە وهیچ پەیوەندیەک لەنێوان قەبوڵ بوونی قوربانی ولێکردنەوەی ئەوانەدا نی یە کەباس کراوە .

ب-بەڵام ئەوەی بەبێ عوزر ئەو کارە بکات ئەو بێفەرمانی پێغەمبەری صلی اللە علیە وسلم کردووە کەفەرمانی کردووە دەسکاری ئەو شتانە نەکرێت لەو دە ڕۆژەدا .

مجموع الفتاوی (٢٥-١٦١)

## ٤٧- حوکمی ئەو کەسە چی یە کەپێویستی بەوەیە نینۆکی بکات یاخود توک لەخۆی بکاتەوە لەکاتێکدا دەیەوێ قوربانی بکات ؟

ابن عثیمین :

هیچی لەسەر نی یە لەم حاڵەتانەدا بۆنموونە :

أ- برینێکی پێوە بێت وپێویستی بەلێکردنەوەی توکی بێت .

ب-یاخود نێنۆکی بشکێت ئەوەندەی کەئازاری دەدات دەیبڕێت .

ج-یاخود پارچەیەک لەپێستی لێ ببێتەوە وئازاری بدات وئەویش لێی کاتەوە

مجموع الفتاوی (٢٥-١٦١)

٤٨- ڕێگری کردن لەلێکردنەوی توک ونینۆک وپێست کێ دەگرێتەوە ؟

ابن عثيمين دەڵێت :

أ- ئەوەی کەنیەتی کردنی قوربانی هەیە بۆ خۆی ، یاخود بۆ غەیری خۆی قوربانی دەکات وپارەکەی دەدات .

ب- بەڵام کەسێک ببێتە وەکیل وقوربانی بۆ غەیر خۆی بکات ئەوا بێگومان ئەو ڕێگریە نایگرێتەوە .

مجموع الفتاوى (٢٥-١٦١).

٤٩- ئایا گەر شتێک لەتوکی سەری ئافرەت لێ بووەوە کاریگەری دەبێت لەسەر قوربانی ؟

ابن عثيمين دەڵێت :

ئافرەت گەر قورسە لەسەری ماوەی ئەو دەرۆژە بمێنێتەوە بێ شانەکردنی سەری ئەوا دەتوانێت سەری شانە بکات ، خۆ ئەگەر شتێک بەهۆی شانە کردنەوە لێ بووەوە بەبێ مەبەست ئەو هیچی لەسەر نی یە .

مجموع الفتاوى (٢٥-١٥١)

٥٠-حوکمی سەر شانە کردن چی یە بەنیسبەت ئافرەتەوە لەدەی مانگی ( ذي الحجة )دا ، پێش قوربانی کردن ؟

ابن عثيمين دەڵێت :

گەر ئافرەت پێویستی بەسەر شانە کردن بوو وە ئەو دەیەوێ قوربانی بکات ئەوا هیچی لەسەر نی یە ، بەڵام لەسەر خۆی شانەی دەکات ، دواتر گەر توکێکی لێ بووەوە بەبێ مەبەست ئەوا تاوان بار نابێت .

مجموع الفتاوى (٢٥-١٤٦)

٥١- ئەو ئافرەتەی کەنیەتی قوربانی هێناوە چی لەپرچی بکات لە دە ڕۆژی( ذي الحجة )دا ؟

ابن باز دەڵێت :

دروستە بۆی پرچی بکاتەوە وبیشۆرێت ، بەڵام بەتوندی شانەی ناکات ، جا گەر لەکاتی شانەکردن وشوشتندا توکێکی لێ بووەوە ئەو زیانی نی یە .

مجموع الفتاوی (١٨-٤٧)

٥٢- گەر ئافرەت لەبەر حەیز یاخود نیفاس خۆی شوشت حەتمەن توک لەپرچی دەبێتەوە لەکاتێکدا دەیەوێ قوربانی بکات ؟

ابن عثیمین دەڵێت :

گەر هەوڵیدا بۆ ئەوەی پرچی لێ نەبێتەوە ، وە لێ بووەوە ئەوا هیچی لەسەر نی یە .

مجموع الفتاوی (٢٥-١٥٤)

دانی گۆشتی قوربانی بەکەسی کافر

٥٣-حوکمی پێدانی گۆشتی قوربانی بەکەسی کافر چی یە ؟

ابن باز دەڵێت :

دروستە گۆشتی قوربانی بدرێت بەو بێباوەڕانی کەڕێگەیان پێدراوە لەوڵاتی موسوڵماناندا بژین .

مجموع الفتاوی (١٨-٤٧).

ابن عثیمین دەڵێت :

دروستە گۆشتی قوربانی بدرێت بەکەسی بێ باوەڕ بەمەرجێک لەو کەسانە نەبێت کەدەجەنگن لەگەڵ موسوڵماناندا .

مجموع الفتاوی (٢٥-١٣٣)

## چۆنیەتی قوربانی کردنی حاجی

### ٥٤- ئایا حاجی چۆن حەج وقوربانی بکات لەیەک کاتدا ؟

ابن عثیمین دەڵێت :

حاجی قوربانی ناکات بەڵام ئەو کەسەی کەکەس وکاری هەیە ئەوا پارەیان لا دادەنێت ولەبری ئەو قوربانی بۆ دەکەن ، بەڵام خۆی حەیوانێک سەر دەبڕێت کەپێی دەوترێت (الهدي ) .

مجموع الفتاوی (٢٥-١٩)

### ٥٥- حوکمی ئەو کەسە چی یە کەدەیەوێ حەج و قوربانی بکات ئایا دەسکاری توکی لاشەی دەکات ؟

ابن عثیمین دەڵێت :

هیچی لەسەر نی یە توکی لاشەی لێ بکاتەوە کاتێ کەئیحرامەکەی کۆتایی پێ دێنێت .

مجموع الفتاوی (٢٥-٢٠)

### ٥٦- گەر حاجیەک کەسێکی کردبێتە وەکیل بۆئەوەی قوربانی بۆ بکات جا لەکاتی( المیقات ) دا ، بیەوێ نینۆک وتوکی لێ بکاتەوە ئایا ئەو کارەی دروستە ؟

لای ئیحرام دا ئەو کارە ناکات لەکاتێکدا نیەتی قوربانی هەیە ، جا گەر خەریکی عومرە بێت وتەوافی کردبێت وسەعی کردبێت وتوکی سەری کورت کردبێتەوە ئەوا دروستە ؛ چونکە کورت کردنەوەی توکی سەر لەو کاتەدا واجبە .

مجموع الفتاوی (٢٥-١٤٤)

### ٥٧- چی بکات ئەو کەسەی کەدەیەوێ قوربانی بکات لەوڵاتەکەی لەکاتێکدا خۆی لەحەجە ؟

ابن عثیمین دەڵێت :

أ- مادام دەیەوێ قوربانی بکات ئەوا دوور دەکەوێتەوە لەکردنی نینۆکی وهەڵکەندنی توکی بن باڵی وکردنی توکی سمێڵی و توکی بەر .

ب- بەڵام تاشینی یاخود كورت كردنەوەی توكی سەر لەحەجدا یاخود لەعومرەدا ئەوا زیانی نی یە چونكە ئەوا بەشێكە لەحەج وعومرە وپێویستە ئەنجام بدرێت .

مجموع الفتاوى (٢٥-١٤٩)

## ٥٨- ئایا واجبە حاجی قوربانی بكات ؟

ابن عثیمین دەڵێت :

أ- ئەو حاجیەی كەپارە دەدات بەكەس وكاری وئەوان قوربانی بۆ دەكەن ئەوا دروستە .

ب- بەڵام لەحەج دا تەنها حەیوانێک سەردەبڕدرێت كەپێی دەوترێت ( الهدي ) .

مجموع الفتاوى (٢٥-٢٠)

## ٥٩- ئایا باشتر وایە لەوڵاتی خۆت قوربانی بكەیت ؟

ابن عثیمین دەڵێت :

أ- باشتر وایە لەوڵاتی خۆت قوربانی بكەیت گەر كەس وكارت لەلات بن .

ب- بەڵام گەر كەس و كارت لەجێگایەكی تر بن وكەسێک نەبێت قوربانیان بۆ بكات ئەوا پارەیان بۆ بنێرە با لەوێ قوربانی بكەن .

مجموع الفتاوى (٢٤-٢٠٨).

## دەس نیشان كردنی قوربانی .

## ٦٠- هەركەسێک قوربانی بكڕێت بۆ بەخێو كردنی پاشان نەخۆش كەوێت یاخود پێیەكی بشكێت ئایا دەكرێت بەقوربانی ؟

ابن عثیمین دەڵێت :

هەر كەسێک حەیوانێكی دیاری كرد وگوتی : ئەمە دەكەم بەقوربانی ئەوا قوربانیە

أ-جا گەر توشی نەخۆشی بوو یاخود پێی شکا ئەوا گەر خۆی سەبەب بووبێت ئەوا نابێت بیکات بەقوربانی وپێویستە لەسەری دانەیەکی تر هاوشێوەی ئەوە یاخود باشتر بکاتە قوربانی

ب- وە گەر خۆی سەبەب نەبوو ئەوا دروستە بیکاتە قوربانی .

مجموع الفتاوى (٢٥-٩٩)

## ٦١- ئایا باشتر وایە مرۆڤ هەر زوو حەیوانەکەی دیاری بکات بۆ قوربانی ؟

ابن عثیمین دەڵێت :

باشتر وایە مرۆڤ زوو حەیوان بکڕێت بۆ ئەوەی بەجوانترین شێوە بەخێوی بکات بەڵام ئارام بگرێت لەدیاری کردنی قوربانیدا ، لەبەر ئەوەی گەر توشی شتێک بوو دانەیەکی تر بکڕێت وبیکات بەقوربانی .

مجموع الفتاوى (٢٥-٩٩)

## ٦٢- حوکمی لە خەنە گرتنی حەیوانی قوربانی و پەت کردنە ملی ؟

ابن عثیمین دەڵێت :

قوربانی هیچ پێویستی نیە بە لەخەنە گرتن و پەت کردنە مل .

مجموع الفتاوى (٢٥-١٠٠)

## ٦٣- کەسێک نەزری کردووە بەرانێک سەر بڕێت بەڵام بەرانەکە مردووە ؟

ابن عثیمین دەڵێت :

أ- کاتێ مرۆڤ قوربانی دیاری دەکات، وپاشان دەمرێت بەبێ ئەوەی خۆی کەم تەرخەم بێت ودەستی تێدا بێت ئەوا هیچی لەسەر نی یە .

ب- تەنها لەحاڵەتێکدا نەبێت کەنەزری کردبێت ئەوا پێویستە نەزرەکەی بەجێ بێنێت .

مجموع الفتاوى (٢٥-١٠٠)

٦٤- ئایا دروستە حەیوانێک کەبۆ قوربانی دیاری کراوە سەر ببڕدرێت بۆ شایی ؟

ابن عثیمین دەڵێت :

نەخێر دروست نی یە ونابێت لەجگە لەقوربانی بۆ هیچ شتێکر تر بەکار بهێندرێت و نابێت بگۆڕدرێت بەدانەیەکی تر .

مجموع الفتاوی (٢٥-١٠٧)

چۆنیەی سەر بڕینی قوربانی :

٦٥- چ دەوترێت لەکاتی سەربڕینی قوربانیدا ؟

ابن عثیمین دەڵێت :

لەکاتی سەربڕینی قوربانیدا دەوترێت : بسم الله، الله أكبر اللهم هذا منك ولك، اللهم هذه عني وعن أهل بيتي.

مجموع الفتاوی (٢٥-٥٥)

واتە : بەناوی خودا ، خودا گەورەیە ، خودایە ئەمە لەتۆوەیە وبۆ تۆیە ، خودایە ئەمە لەبری خۆم وماڵ ومنداڵم .

٦٦- چ کاتێ (بسم الله) دەکرێت وچۆن دەکرێت ؟

ابن عثیمین دەڵێت :

کاتی (بسم الله) لەکاتی سەربڕیندایە کاتێ کەپاڵی دەخا وچۆنیەتیەکەشی بەم شێوەیە : بسم الله والله أكبر اللهم هذا منك ولك، اللهم هذا عن فلان.

مجموع الفتاوی (٢٥-٥٦)

واتە : بەناوی خودا ، خودا گەورەیە ، خودایە ئەمە لەتۆوەیە وبۆ تۆیە ، خودایە ئەمە لەبری فلان .

٦٧- کەسێک لەکاتی سەربڕینی قوربانیدا (بسم الله) لەبیرکردبێت چ شتێکی لەسەر پێویست دەبێت ؟

زانای پایەبەرز شێخ عبدالعزیز بن عبد الله بن باز - رحمه الله - دەڵێت :

کەسی موسوڵمان گەر بەئەنقەست (بسم الله) نەکات وبشزانێ ، ئەوا سەربڕاوەکەی ناخورێت .

بەڵام گەر لەبەر نەزانین یاخود لەبیر چوون (بسم الله)نەکات ئەوا دروستە وهیچی تێدا نی یە .

"فتاوی نور علی الدرب" (٢٤ / ١٦٤ - ١٦٥).

٦٨- ئایا مەرجە لەکاتی سەربڕینی قوربانیدا بوترێت لەبری فلان ؟

ابن عثیمین دەڵێت :

أ- گەر بڵێت لەبری فلان باشترە

ب- وەگەر نەشڵێت ئەوا نیەتەکەی کافیە وئاساییە .

مجموع الفتاوی (٢٥-٥٩)

٦٩- کام جۆرە سەربڕینە باشە بۆ سەربڕینی وشتر ؟

ابن عثیمین دەڵێت :

أ- بەپێوە بدرێت لەگەردنی

ب-دەستی چەپی کەلەپچە بکرێت

ج- خۆ گەر نەتوانرا بەپێوە بدرێت لەگەردنی ئەوا دروستە بەدانیشتنەوە بدرێت لەگەردنی .

مجموع الفتاوی (٢٥-٥٥)

٧٠- کام جۆرە سەربڕینە باشە بۆ سەربڕینی مەڕ ؟

ابن عثیمین دەڵێت :

أ-لەسەرلای چەپ پاڵی دەخات

ب- پێی دەنێتە سەر ملی

ج-وەبەدەستی چەپی سەری دەگرێت تاوەکو قوڕگی دەردەکەوێت

د- پاشان بەتوندی چەقۆکە دێنێت بەملیدا وهەردوو دەمراره گەورەکە و قوڕگی دەبڕێت .

مجموع الفتاوى (٢٥-٥٥)

### ٧١- ئایا دروستە ئافرەت قوربانی سەر بڕێت ؟

ابن عثيمين دەڵێت :

دروستە ئافرەت قوربانی سەر بڕێت ؛ چونکە ئەسڵ وایە لەعیباداتدا ئافرەت وپیاو یەکسان وهاوبەشن .

مجموع الفتاوى (٢٥-٨١)

### ٧٢-حوکمی سەربڕینی قوربانی چی یە لەشوێنی نوێژ کردنی جەژندا ؟

ابن عثيمين دەڵێت:

سەربڕینی قوربانی لەشوێنی نوێژ کردنی جەژندا سوننەتە .

مجموع الفتاوى (٢٥-٩٤)

### ٧٣-حوکمی سەربڕینی قوربانی لەمەککە چی یە ؟

ابن باز دەڵێت :

أ- هەموو کردەوەیەکی چاکە لە مەککە خێری باشترە

ب- بەڵام گەر کەسی دەس نەکەوت لەمەککە قوربانیەکە بخوات و گەر لەشوێنێکی تر کەهەژاری لێ بێت ئەوا لەپێش ترە وباشترە .

مجموع الفتاوى (١٨-٤٨)

**٧٤- جیاوازی نێوان(الهدي) و(قوربانی ) و(فیدیه) چی یه ؟**

ابن عثیمین دەڵێت :

قوربانی: ئەوەیە کەلەهەموو وڵاتەکاندا لەرۆژانی جەژندا سەردەبڕدرێت وەک خۆ نزیکردنەوەیە لەخودا

هەدی : ئەوەیە کەلەحەرەمی مەککە دەکرێتە هەدیە لەمەڕ ومانگا و وشتر ودابەش دەکرێت بەسەر هەژارەکانی مەکەدا یاخود کەسێک دەکاتە وەکیل ولەبری ئەو دەیکرێت وبۆی سەر دەبڕێت

فیدیه : ئەوەیە کەلەبەر نەکردنی واجبێک ئەنجام دەدرێت وەک نەکردنی (رمي الجمرات) یاخود کردنی شتێکی قەدەغە کراو ، وەک (تاشی سەر لەکاتێکدا کەلەئیحراڕم دایە ).

مجموع الفتاوی (٢٥-٩)

**وەکالەت لەقوربانیدا**

**٧٥- ئایا مەرجە مرۆڤ خۆی قوربانیەکەی سەر بڕێت یاخود کەسێک بکاتە وەکیل و خۆی ئامادەی سەربڕینەکە بێت ؟**

ابن عثیمین دەڵێت :

أ- باشتر وایە مرۆڤ خۆی قوربانیەکەی سەر بڕێت چونکە عیبادەتێکەو پێی لەخودا نزیک دەبێتەوە

ب- دروستە کەسێکی سیقە بکرێتە وەکیل وهەستێت بەسەر بڕینی ودابەش کردنی ، وە مەرج نی یە خۆی ئامادەی سەربڕینەکە بێت .

مجموع الفتاوی (٢٥-٦٠)

٧٦- ئایا بەوەکیل دەبژێردرێت گەر نەیزانی یاخود لەبیری چوو قوربانیەکەی پێش نوێژی جەژن سەر بڕی ؟

ابن عثیمین دەڵێت :

أ- گەر قوربانی پێش نوێژی جەژن سەر بڕدرا ئەوا تەنها گۆشتێکە وبەقوربانی ئەژمار ناکرێت .

جا گۆشتەکە بۆ خاوەن قوربانیەکەیە بەڵام دەبێ لەجێگەی ئەوە دانەیەکی تر سەر بڕێت .

ب-وەکەسی وەکیل غەرامە دەکرێت ئەوەندەی کەئەو حەیوانە بەهۆی سەربڕینەوە نرخەکەی کەمی کردووە .

مجموع الفتاوی (٢٥-٩٣)

٧٧-گەر کەسی وەکیل لەبیری چوو قوربانیەکە بکات ودوای ڕۆژانی جەژن بیری کەوتەوە چ بکات وحوکمی چی یە ؟

ابن عثیمین دەیێت :

هیچی لەسەر نییە ، گەر ئەو کەسەی کەکردوویەتیە وەکیل حەزی لێ بێت لەساڵی دواتردا قوربانی دەکات ا .

مجموع الفتاوی (٢٥-٩٣)

ناردنی قوربانی بۆ دەرەوەی وڵات :

٧٨- حوکمی ناردنی پارەی قوربانی چی یە بۆ دەرەوەی وڵات ودانی بەلیژنەیەک کەکڕینی قوربانیان لەئەستۆ گرتووە لەدەرەوەی وڵات ؟

ابن عثیمین دەڵێت :

پێم وانیە دروست بێت پارەی قوربانی بنێردرێت وبدرێت بەو لیژنەیە بۆ ئەوەی هەستن بەکڕینی قوربانی لەوڵاتانی تردا .

مجموع الفتاوی (٢٥-٦٢)

### ٧٩- ئایا ئەو مەسڵەحەتانە چین کەلەدەست دەچن لەکاتی ناردنی پارەی قوربانی بۆ دەرەوەی وڵات ؟

ابن عثيمين دەڵێت :

ناردنی پارەی قوربانی بۆ وڵاتانی ئیسلامی مەسڵەحەتێکی زۆر لەدەس دەدات ، لەوانە :

١- دەرکەوتنی دروشمەکانی خودا لەوڵاتانی ئیسلامیدا ، چونکە گەر خەڵک پارەی قوربانیەکانیان بنێرن بۆ دەرەوی وڵات ئەوا وڵاتەکەی خۆیان دەرکەوتنی ئەو دروشمەی نابێت

٢- ئەوەی مەشروعە ئەوەیە کەسی قوربانی کار خۆی قوربانیەکەی سەر بڕێت هەروەک چۆن پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم ئەو کارەی دەکرد جا گەر پارەی قوبانیەکەی بنێرت بۆ وڵاتانی تر ئەوا ئەوسوننەتەی لەدەس دەچێت

٣- بەندایەتی کردن بۆخودا بەناو هێنانی لەکاتی سەربڕینی قوربانیدا ، ئەمە عیبادەتێکە خوا فەرمانی پێ کردووە جا گەر پارەی قوبانیەکەی بنێرت بۆ وڵاتانی تر ئەوا کەسی قوربانی کار ئەوەی لەدەس دەچێت

٤- بەندایەتی کردن بۆخودا بەخواردن لێی چونکە خواردن لەقوربانی عیبادەتە وخودا فەرمانی پێ کردووە جا گەر پارەی قوربانیەکەی بنێرت بۆ وڵاتانی تر ئەوا کەسی قوربانی کار ئەوەی لەدەس دەچێت .

مجموع الفتاوى (٢٥-٦٩)

## هەڵگرتنی گۆشتی قوربانی :

### ٨٠- مانای ئەم فەرموودەیە چی یە " لا يدخر أحدكم من أضحيته فوق ثلاثة أيام"؟

واتە : با یەکێک لەئێوە زیاد لەسێ ڕۆژ گۆشتی قوربانی هەڵنەگرێت .

ابن عثيمين دەڵێت :

ئەم فەرموودەیە هۆکارێکی هەبوو ئەویش ئەوە بوو ساڵێک خەڵک توشی برسێتی بوون ، بۆیە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم ڕێگری کرد لەخەڵک گۆشتی قوربانیەکانیان زیاد لەسێ ڕۆژ هەڵگرن ، وە لەساڵی داهاتوودا ، واتە : بۆ ساڵی دوای ئەوە کەئەو برسیەتیە نەما پێغەمبەر

صلى الله عليه وسلم فەرمووی : "كنت نهيتكم عن الادخار فوق ثلاثة من أجل الدّافّة- يعني التي دفت بسبب الجوع- فادخروا ما شئتم وكلوا ما شئتم" رواه مسلم مجموع الفتاوى (٢٥-١٣٤)

واتە : من ڕێگریم لێ کردن لەوەی نابێ بەشی زیاد لەسێ ڕۆژ گۆشتی قوربانی بۆ خۆتان هەڵبگرن ، دەی ئێستا بەدڵی خۆتان هەڵی گرن ولێی بخۆن .

## فرۆشتنی بەشێک لەگۆشتی قوربانی :

### ٨١- ئایا دروستە بەشێک لەگۆشت وچەوری ویاخود پێستی قوربانی بفرۆشرێت ؟

ابن عثيمين دەڵێت :

حەڕامە بەشێک لەگۆشت وچەوری ویاخود پێستی قوربانی بفرۆشرێت ؛ چونکە ئەوا ماڵێک بۆ خودا دەرکراوە ونابێت لێی پاشگەز بیتەوە وەهەروەک خێر کردن وایە ، واتە : چۆن دروست نی یە کاتێ خێرێک دەکەی بەشیمان بیتەوە بەهەمان شێوە دروست نی یە گۆشتی قوربانی بفرۆشرێت .

مجموع الفتاوى (٢٥-١٦١)

لەبڵاوکراوەکانی

**ماڵپەڕی بەهەشت و وەڵامەکان**

**www.ba8.org**
**www.walamakan.com**